چامپیۆنز لیگ.. مانچستەر سیتی لە ناپۆلی بردەوە

لە میان یاریەکانی چامپیۆنز لیگ مان سیتی بە دوو گۆلی بەبەرامبەر لە ناپۆلی بردەوە .

لە قۆناغی یەکەمی چامپیۆنز لیگ، یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی لە یاریگای ئیتیحاد میوانداری یانەی ناپۆلی ئیتالی کرد.

لە گۆمی یەکەمدا، هەردوو یانە لیەک ئاست بینران گۆڵ تەمارنەکرا و لە خولەکی 21یشدا دی لەرینزی یاریزانی ناپۆلی بە کارتی سوور کرایە دەرەوە.

لە گۆمی دووەمدا و لە خولەکەکانی 56 و 65 ئەرلینگ هالاند و جەرمی دۆکو دوو گۆڵیان بە مان سیتی تەمارکرد، سەرەنجام یاریەکەیان بە دوو گۆلی بەبەرامبەر بردەوە.

لە یاریەکانی تریشدا، یانەی سپەرتینگی پەرتوگالی روو بەووی کایرات ئەلماتی کازاخستانی بووەوە و بە ئەنجامی چوار گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک بردنەوەی بەسەردا بەدەستهێنا، لیڤەرکوزن و کۆپنهاگن یەکسانبوون.

بەو ئەنجامانە، سپەرتینگ بە سێ خاڵ لە پلەی چوارەمی ریزبەندیدایە و مانچستەر سیتی لە پلەی نۆیەمدا دەبینرێت.